# بەبیانووی جنێوفرۆشی چەند کەسو سایتێکەوە پەلاماری ئازادی مەدەن!

*(وەڵام بە تەلەفزیۆنی زاگرۆسو بەرنامەی "ڕەشو سپی")*

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

بێگومان "ڕەشو سپی" کە ناوێکی مەجازی تەلەفزیۆنی زاگرۆسە بۆ "قەڵەمی پاکو قەڵەمی جنێوفرۆش" وەک خۆیان ناویانلێناوە، چوارچێوەو پانتاییەکی ئێجگار بەرتەسکو نازانستیو نادرووستیشە بۆ هەڵسەنگاندنو گفتوگۆ سەبارەت بە دیاردەو چەمکێکی موهیمی وەکو ئازادی ڕۆژنامەگەری. فەرهەنگی "ڕەشو سپی"کردنو "قەڵەمی پاکو ناپاک" داتاشین بۆ ڕۆشنبیران خۆی لەخۆیدا زمانێکی زبرو ناوزڕاندنێکی گشتیو بەکۆمەڵو شموولییە بۆ نووسەرانو ڕۆژنامەوانانو دەبێ بەرەورووی ڕەخنەی جدی ڕووناکبیرانو ئازادیخوازان ببێتەوە. جگەلەوەش ترنجاندنی باس دەربارەی ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ ناو ئەم مەیدانە تەسکو بێ یاساو ڕێسایە خۆی بەتەنها بەیانی ئەو حەقیقەتە دەکات کە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بەگوێرەی پێناسەی بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ ئازادی بەگشتیو ئازادی بەیانو ڕۆژنامەگەریدا یەکناگرنەوە!

با پێکەوە ناکۆکییەکانی ئەم فەلتەیەی زاگرۆس تیڤی بژمێرین کە لەڕێگای بەرنامەی "ڕەشو سپی"یەوە داویەتی بەدەستەوە. بزوێنەری تەلەفزیۆنی زاگرۆس بیەوێ یا نەیەوێ خەریکە بە پشتوپەنای مەنتیقێک دیالۆگدەکات لەمبارەوەو لەم پرسەیدا کە سوڵتەی شموولیو تۆتالیتاریستیێکی میدیایی تەواو عەیار پەیڕەوئەکات. ئەم بەڕێزانە بەپێی کام مەعیارو پێوانە، بە حوکمی کام دەستوورو یاسا، ئەو مافەیان بەخۆیانداوە زاراوەی لەوجۆرە بۆ ماتەریاڵی ئینسانی دیاردەی ژورنالیستی کوردستان بهێننەئاراوە؟ ئایا لەو 3000سێهەزار ڕۆژنامەنووسەی کە سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاشکرایکرد لەم بەرنامەیەوە، چەند کەسیان قبوڵیانە بەگوێرەی ئەم زاراوەیە دەستەبەندیبکرێت وەکو ناسنامەی دووەمی دوای ناسنامەی هاووڵاتیبوونی؟ یانی لە زمانی میدیای دەسەڵاتەوە پێیبووتریێ قەڵەمی پاک یا جنێوفرۆش! قەڵەمی پاک چییەو جنێوفرۆش چییە!؟ قەڵەمپاک ئەوانەن لەم حوکمەدا کە لەپاڵ دەسەلاتدان. جنێوفرۆشیش ئەوانەن کە لە دژی دەسەڵاتن! ئەمە حوکمێکی شمولیەو بێدەربەستییەکی دەردناکی ئەم بزووتنەوەیە. بەمپێیە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە نارەزایەتیو کارو کاردانەوەیاندا کە لە دژی دەسەڵات وەستاونەوە، کەواتە دەکەونە خانەی جنێوفرۆشانەوە. لەهەر حاڵێکدا خۆ ئەم ئینسانانە لانیکەم چەکو تفەنگ ئامرازی یەکاڵاکردنەوەی کێشەو مەسەلەیان نییە، قەڵەم بەکاردێنن! تازە ئەمە بانگەشەکردنیش نییە بۆ عونفو توندوتیژی. ئەم حیزبو هێزانە خۆیان بەزەبری تفەنگو چەکڕاکێشان خۆیانسەپاندووە بەسەر خەڵکی کوردستاندا. ئەگەر خەڵکی کوردستان تەنها یەک ڕۆژ ترسی تۆڵەی ئەم هێزە عەشیرەتیانەی لەسەر بڕەوێتەوە، لە دەسەڵات دایاندەگرن. ئەم حیزبانە موخالیفی سیاسیان شوێنبزرو تیرۆردەکەن، یا وەک خۆیان دەیڵێن ڕیسواو ڕەزیلیان دەکەن. لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا چەندین هەزار ژن بەبیانووی پووچی پاراستنی شەرەفەوە تیرۆرکراون. یەکەم حەملەی کوشتنی ژنان خودی ئەم دوو حیزبە سەرتەقەیان شکاند ساڵی 991. لە زیندانەکانی ئەم حیزبانەدا ئەشکەنجەدانی دڕندانە بەشێوەی بەعسییەکان بەڕێوەدەبرێت. ئایا تەقەکردن لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی جەماوەری خەتەرو گرفتی کۆمەڵگای کوردستانە تا مایەی بۆدابنرێ یاخود جنێودان؟! ژیانکردن لەم کوردستانەدا لەلایەن ئەم هێزانەوە مەحکومکراوە بە تەسلیمبوون بە دەسەڵاتی گەندەڵی ئەم حیزبانە. پاشان "ڕەشو سپی"کردنی ڕۆژنامەگەران، واتە جیاکردنەوەی توێژی ڕووناکبیری کۆمەڵگایەک لە خانەی "جنێوفرۆشان"و خانەی "زمانی پاک"دا، جگە لە مەنتیقو حوکمی ئیستیبدادیی "یا لەگەڵمی یا لەدژمی"ی ڕژێمە

دیکتاتۆرییەکان چ شتێکی دیکەیە! ئەمە کام جۆرەیە لە دیموکراسی کە ماسمیدیای دەسەڵاتی کوردی ڕۆژی هەزار جار بانگەشەیبۆدەکاتو زاگرۆس تیڤیش بەنیازە بەنرخی دیموکراسی بێگەرد پێمانبفرۆشێ! ئەمە جگە لە دیموکراسییەکی موزەیەف، جگە لە سوڵتەی موتڵەقی دەسەڵاتێکی سەپێنراوو گەندەڵ، جگە لەو دیموکراسییەی لەبەرژەوەندی ئەو دوو حیزبەدایە، لەکام ڕەفەی دیموکراسیدا جێگایدەبیتەوە؟

بەر لە هەر قسەیەک لەسەر ناوەرۆکی بەرنامەی "ڕەشو سپی"و پاڵنەرو ئامانجەکانی، ئەگەر سەرنج بدرێت، دەبینرێ چۆن خودی بەرنامەکەو بەڕێز کاک عادل قەرەداغی کەوتوونەتە ناکۆکییەکی تاڵو بەرچاوەوە. لەبنەڕەتدا بەرنامەی ئەم بەڕێزانە بۆ ئەوە لەدایکبووە کە لەناو جووڵانەوەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا پرۆژەیەک قووتبکەنەوە بۆ جیاکردنەوەی "ڕەشو سپی". یانی "دژو لەگەڵ" تەسنیفبکرێن. کە پێموایە ئەم تەسنیفکردنە مەبەست لێی بەر لە هەر سنووردارکردنێکی جموجووڵی ئێستای ژورنالیزمی کوردی، پیاچوونەوەیە بەو دەزگا ئیعلامییە ووردیلانەی وا خۆیان زادەی کێبەرکێی بەردەوامی یەکێتیو پارتینو ڕاستەوخۆ هەردوو حیزب دەعمیاندەکەن لەدژی یەکتری، کە لەژێر گوشاری ئیعترازی جەماوەریدا ئەوانیش پەیوەستبوون بە جوملەی عەکسکردنەوەی ناڕەزایەتیو وەستانەوەی کۆمەڵی کوردستان لەدژی گەندەڵیو ڕاووروت. لە کۆبوونەوەی ئاخری یەکێتیو پارتیدا کە ڕێکەوتنی ستراتیژیان مۆرکرد بەئاشکرا باسی ئەم مەسەلەیە کراوەو بڕیارە ئەو جۆرە کەناڵانە قفڵبکرێن. کەچی بەم دەمو بەو زمانی خۆیان هاواردەکەن کە ئەو کەسو ماڵپەڕانەی خەریکی جنێوفرۆشیو ناوزڕاندنن دیارو ئاشکرانو ژمارەیەکی کەمن! یا کاک عادل لە هەر موداخەلەو وەڵامو ڕێکخستنێکی بەرنامەکەیدا بەداخەوە چەندین جار تووشی ئیحراجبوون دەبێو ناچاردەبێت چەند جارێک دوپاتیکاتەوە کە مەبەستی بەرنامەکە تەنها ئەو ژمارە کەمە جنێوفرۆشەیە، نەک هەموو نووسەرانو ڕووناکبیران! تازە جاری وا هەیە دەڵێ "نووسەری باشو قەڵەمی باشو بابەتی باشیش زۆرن!". بەمپێیە دەردەکەوێ کە تەرکیزی بەرنامەکە لەسەر ئەو مەودا فراوانەی ڕۆژنامەگەری کوردییە بەئەلەکترۆنیو ئەوانی ترەوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەخنەیان لە دەسەڵات هەیەو پەنجەدەخەنە سەر گۆشەیەک لە موعاناتو گرفتی خەڵکی ئەمووڵاتە. دەنا ئەگەر وایە مەبەستتان هەر ئەو چەند کەسو سایتانەیە، بۆچی تا بەرنامەکەت تەواودەبێ مەجبووری چەندین جار تەئکید بکەیتەوە سەر ئەوە کە مەبەستت شموولی نییەو قسە لەو چەند کەسو ماڵپەڕەیە! ئاخر سەرەڕای سانسۆرێکی توندی زاگرۆس تیڤی ئەو دانسقە بەشداربووانەی دێنە سەر هێڵی تەلەفۆنی بەرنامەکەتان دوای پرسینی کونو قوژبنی کونییەی سیاسیو شەخسیان کە ڕێیاندەدەن بەتەلەفۆن بەشداری بەرنامەکەتان بکەن، ئەوساش مداخەلەکانیان ئیحراجتاندەکەن. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەرنامەی ڕەشو سپی ئامانجی ئەوەیە ڕاستییەک بکاتبەژێرەوەو پەردە بدات بەسەر ڕوخساری گەندەڵو دزیوی دەسەڵاتدا. گەرەکیەتی لەپاڵ جنێوفرۆشانەوە بەرەوڕووی چوونەپاڵی ڕۆژنامەگەری کوردی ببنەوە بەوانەی پاشکۆی خۆشیانن بۆ لای ناڕەزایەتی جەماوەریو بزووتنەوەی دژی گەندەڵی خەڵکی کوردستان. ڕاستییەکیش هەیە لێرەدا دەبێ بووترێ، ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە ڕەخنەو ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان تەنانەت پێش ڕۆژنامەگەریو میدیای سەربەخۆش کەوتووەو لە ئەساسدا ئەوە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریو گشتی خەڵکی کوردستانە لە بەرامبەر بە گەندەڵی دەسەڵاتی حیزبیو حکومی ناسیونالیستی کوردیدا وەستاوەتەوەو ڕۆژانە دەرگیرە لەگەڵیدا بۆ دەرهێنانی مافە سەرەتاییەکانی خۆی لە قورگی ئەو حاکمانەدا. هەر ئەمەشە میدیای ئازادو سەربەخۆی ڕادیکاڵکردۆتەوەو ناچاریکردوون ئەم واقعە عەکسکەنەوە، دەنا ئیتر مانای سەربەخۆییان لەدەسئەدەن. بەڵام وەسیلەی هێرشکردنە سەریان ئەو مشتە سایتو جنێوفرۆشانەن کە بەم دەسو بەو دەس دەیهێننو دەیبەن. بەڵام دیارە پاڵنەرێکو بەرژەوەندییەک وایکردووە زاگرۆس تیڤی بانگەشە بۆ تەسنیفێکی بەم چەشنەی ئینسانی ڕووناکبیرو نووسەرو ئازادیخواز بکات.

من پێموایە باسەکە بە تەواوی ڕوونو ئاشکرایەو هیچ نووسەرو ڕووناکبیرێک بەم دۆعایەی زاگرۆس تیڤی ناڵێ ئامین! چونکە زمانی زبرو جنێوفرۆشیو ناوزڕاندنو ناووناتۆرەدانان بۆ ئینسان، بەر لە هەر کەسێک لە ڕەحمی کولتوورو فەرهەنگی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیدا فۆرمۆڵە بووەو وەشێنرایە ئاستی گشتی لە سەردەمی جەنگی زەمانی شاخ،

یاخود جەنگی ناوخۆی سەردەمی شاری ئەم دوو حیزبە! گەنجینەی تەبلیغاتی ئەم حیزبانە هێندە دژە ئینسانو دوورە لە مۆراڵی سەردەمو ژورنالیستییەوە، ئینسان جورئەت ناکات دەسبەرێ بۆ هەڵدانەوەی مەلەفی میدیاو تەبلیغاتی جەنگی ئەم هێزە ناسیونالیستیانە کە لە بەرامبەر یەکتریدا دەستیانبۆی بردبوو! خەڵکی کوردستان هێشتا شاڵاوی جنێوفرۆشیو تیرۆری کەسێتیو دەسبردن بۆ بڵاوکردنەوەی لایەنی تایبەتمەندیو پەلاماردانی کەرامەتو حورمەتی شەخسی دوو جەبهەی دژبەیەکی پارتیو یەکێتی لە تەلەفزیۆنو ڕاگەیاندنەکانیانەوە لەسەر ئاستی ئاشکراو کۆمەڵایەتی ئازاری ویژدانیان دەداتو لەیادیاننەچووە. ئیتر چۆن ئەگەر سەد هێندەی تریش بە ئاوی دیموکراسیو گوڵاوی مافی مرۆڤ قسەو هەڵوێستیان ڕووکەشکەن، خەڵکی کوردستان بەدوای ئامانجی پشتی پەردەتاندا ناگەڕێن. خەڵکی بەگومانەوە تەماشای هەر هەنگاوێکی ئەم حیزبانە دەکەنو لەفکری پیلانی پشتی کوالیسەکانیانەوەن.

هیچ کەسێکی ڕۆژنامەگەر یا نووسەر ئەگەر پابەندبێ بە ئەخلاقی ژورنالیستییەوە، ناتوانێ دەسبەرێ بۆ ئەو شێوازە ئەعلامیو تەبلیغاتییەی وا تەجاوازی سنووری ڕێزو حورمەتو ئەسڵی پیرۆزیی ئینسان دەکات! هەرجۆرە شێوازێکی ناوزڕاندن لەناو گەوهەری ڕۆژنامەگەریدا مەرفوزەو جێینابێتەوە. بەڵام ئازادی دەربڕینی بیروڕاو ئازادی بەیانی ئینسان، لەوانەش ئازادی ڕۆژنامەگەری مافێکی ڕەهای هەر ئینسانێکە کە پێدەنێتە ژیانەوە. واتە مومارەسەکردنی ئەم مافە لەلایەن هەر تاکو مرۆڤێکەوە هەقێکی ڕەهایەو دەبێ مرۆڤ ئازادانەو بێ هیچ گرفتو ڕێگریو پێچوپەنایەک بتوانێ پراتیکیبکات. مەودای دووریو نزیکی کۆمەڵێکی کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵێکی ئازادو کراوەو پێشکەوتوو بەو پێودانگە دەپێورێت کە ئینسانەکان تاچەندەو تا کام سنوور دەتوانن کاروکاردانەوەی خۆیان بەرامبەر بەم جیهانەو بەهەموو پێکهاتەکانی ناوی دەرببڕنو ڕاوبۆچوونی خۆیان ئازادانە دەربارەیان بگەیەنن بەڕای گشتیو کۆمەڵگاکەیان! بەمپێیە ئەگەر ئینسانێک هیچ ئامرازێک شکنەبات بۆ دەربڕینی ئەحساسو ناخی خۆی بەرامبەر بە هەر دیاردەو کەسو شتێک جگە لە جنێودان، بەبڕوای من مافێکی ڕەوای خۆیەتی. بێگومان کەسی بەرامبەریش هەقی خۆیەتی بەشێوەی گونجاوی خۆی وەڵامی بداتەوە. جا یا بێ بەها سەیری جنێوەکەی دەکا، یاخود داوای لەسەر تۆماردەکات. ئەمە وەکو پەیوەندی نێوان دوو کەس. ئەو کەسەشی دەسدەبات بۆ ناوزڕاندن یاسا دەتوانێ چارەسەری کێشەکەی بکات. جنێودان لەگەل ناوزراندن جیاوازیان هەیە. دەسبردن بۆ هەردووکیشیان لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ ڕۆژنامەگەرێک یا نووسەرێک فەرقدەکات. لەهەردوو بارەکەدا ئەگەر ئامانجی تایبەتیتر لەژێر باڵدا نییە، بۆچی ئەم حالەتە چکۆلەیە وا گەورەدەکرێ؟ بەڵام مەسەلە ئەوەیە لەناو چەمکی ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕۆژنامەگەریدا باسو قسە لەسەر پەیوەندی خەڵکو دەسەلاتە نەک هیچ شتێکی دیکە. پەیوەندی کۆمەڵگاو تاکەکانی لەگەڵ یاسادا. ڕۆحی یاسایەکی مۆدێرنو سکۆلارو دیموکراسی ئیلتزامێکی سیاسیو ئەخلاقی حکومەتو دەوڵەت بەیاندەکات بۆ پارێزگاری لە ئەسڵی ئینسان، بۆ حمایەو پاراستنی مافو حورمەتی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەرامبەر هەر دەسدرێژیو پێشێلکردنێکی مافو کەسایەتیاندا. بە کورتی یاسا شێوەو چۆنێتی تەنزیمکردنو دابینکردنی فەزایەکی سالمو ئارامو ئاسایشە بۆ ژیانکردنی بەتاکو بەکۆی هاوڵاتیانی وولاتێک یا کۆمەڵگایەک. کەچی لە بەرنامەی "ڕەشو سپی"دا باسی یاسا بە تەرزو شێوازێک دێتە گفتوگۆکردن دەربارەی کە ئامرازو هۆیەکی تاکوتەنیایە بۆ عقوبەو سزادان. لەکاتێکدا گۆشەیەکی یاساکان بۆ سزادانی ئەو خروقاتانەیە کە بڕێک کەس یان گروپو کۆمەڵ پێیهەڵدەسن.! لە مەسەلەی ڕۆژنامەگەریشدا وا باسی یاسا دەکرێ کە لەجیاتی بەرقەرارکردنی فەزایەکی مناسیب بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروڕاو ڕەخنەگرتن، باس لە کورتکردنەوەو سنووردارکردنی مەوداکە دەکرێ بەبایەنووی خروقاتێکی ناچیزەوە. ئەم مەنتیقە ئەسڵی دەگەڕێتەوە سەر ئەو نەریتەی پێیوایە نەزمو نیزام لە بەکاربردنی زۆردایەو یاساش تەرزێکی بەکاربردنی زۆرە بۆ ڕێکخستنی ژیان. لەکاتێکدا ڕیک پێچەوانەکەی ڕاستە. یانی یاسا بۆ کۆتاییهێنانە بە توندوتیژیو جێگرتنەوەی بەدیالۆگ. زمانی دیالۆگی لائیک لایەقی ئینسانەو هەر جەبرێک سەری ڕەبتە بە کۆنەوە. کۆمەڵگایەک ئەگەر بەهەق دیموکراسی تیایدا بەرقەراربێت، چۆنە وا ناتوانێ چارەسەری گرفتی چەند کەسو سایتی ئینتەرنێتی بکات، یاخود بۆ تەحەمولی جنێوەکانیان ناکات! کۆمەڵگایەکی ئازاد دەتوانێ تەحەمولی پیسترین، غەریبترینو عەجیبترین بیروباوەڕ بکات. ئەگەر بەهەق گرفتەکەی تەلەفزیۆنی زاگرۆسو بەرنامەی "ڕەشو سپی" تەنها ئەو چەند کەسو سایتە جنێوفرۆشەیە، خۆ ئێوە

هونەرێکی سەرسوڕهێنەرتان دانەهێناوە لە ناسینی جنێوفرۆشاندا، خەڵکیش وەکو ئێوە عەقڵی هەیەو ئەتوانێ بەبێ ئێوەو بەرنامەی "ڕەشو سپی"ش چاکو خراپ لێکجیاکاتەوە. لێگەڕێن با لەو دوورەوە جنێوی خۆیانبدەن. بەڵام ئێوە وا چەسپیون بەم زاراوەی جنێوفرۆشییەوە دەستی لێبەرنادەن. چونکە بەشوێن ئامانجێکی دیاریکراوەوەن. ئێوە دەتانەوێ بە خستنەسەر گازی پشتی ئەم باسەو گەورەنیشاندانی ئەم حاڵەتەو بە بەهانەی جنێوفرۆشی ئەو چەند کەسو سایتەوە وا خۆتان باش دەیانناسن هێرشبکەنەسەر ئازادی کۆمەڵگایەکو پەلاماری حورمەتو مافی هاووڵاتیانی بدەن کە بەرامبەر بە دەسەڵاتی تاڵانچیانو گەندەڵچیان دەنگیانهەڵبڕیوە بۆ ئەوەی بێدەنگیانکەن. ئەم ئەرکەشتان بێگومان ڕاستەوخۆ لەخزمەتی دەسەلاتدایەو خۆشتان حاشایلێناکەن، چونکە دەزگای پانوپۆڕی مەرئیو سەمعیتان لەبەردەستایەو دەتوانن مانۆڕی تەبلیغاتی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن، بەڵام لەمەیاندا تائێستا جگە لە ڕووزەردیو ئیحراجبوون هیچتان لێنەچنیوەتەوە! لەبەر خاتری سومعەی دیموکراسیەشتان بێت باشترە پایدۆزیلێبکەن.

2007-8-10

Dengekan

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغايه

مقـــــــر
الوحـــــــده / ٥٢٢٨
العـــدد / مز٣/ق٣/ ١٦٠٦
التاريخ / ٤ / ٢ / شباط / ١٩٨٩

الى / مستشفى اربيل التعليمي / الطبابه العدليه

الموضوع / دفــن مجرمين

نرسل اليكم جثث المجرمين المدرجه اسمائهم ادناه راجين استلامهم والتصرف بهم من قبلكم وتزويدنا بشهادات الوفاة الخاصه بهم ... مع التقدير

١. قادر خدر حمد
٢. شيخ معروف شيخ اسماعيل
٣. حاجي اظبايز بالـو
٤. محمد عبدالله علي
٥. خالد احمد عبدالله
٦. عبدالله اغا عبدالله

العقيد الركن
آمر الوحـــده / ٥٢٢٨

( ١ ـ ١ )
سري للغايه

Dengekan

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الأمن العامة

مديرية أمن محافظة اربيل

سري

العدد / س / ١٥٦٢٩

التاريخ ١٢ / ٩/١١ / ١٩٨

١٢ ربيع الثاني ١٤١٠ هـ

الى / مستشفى اربيل الجمهوري

م / ارسال جثث

نرسل اليكم صحبة كتابنا جثث المخربين المدرجة أسمائهم أدناه راجين استلامهم والايعاز الى البلدية لغرض دفنهم ~~ليلاً~~ وننظم شهادات وفاتهم واعلامنا رجاءً .

عقيد الأمن

مدير أمن محافظة اربيل

٢٥ / ١٩٨٩/١١

الاسماء /

٠١ فخر الدين عريف الدين بابير

٠٢ قانع عبد الفتاح محمد

٠٣ فخر الدين تاج الدين بابير

٠٤ محمد عبد الفتاح محمد

٠٥ سيد كول رسول محمد